نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق
نوسینگەی راگەیاندن

# هـــەواڵنامـــەی یونـــامی
## دەنـــگی نێـــردە

هەواڵنامە | ژمارە بیست و دوو | ئایاری 2008

## تیپی نیشتمانیی ئۆرکسترای سەمفۆنی عیراقیی یادی رۆژی جیهانیی بۆ کەلتووری هەمە جۆر بۆ دایەلۆگ و گەشە پێدان بەرز رادەگرێ



*ئاهەنگی تیپی نیشتیمانی ئۆرکسترای سەمفۆنی عیراقی*

**نووسینی : رەندە جەمال**

نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عیراق بە هاوکاریی ئەنجومەنی نیشتمانی عیراقی کۆنسێرتێکی رێکخست بۆ تیپی نیشتمانیی ئۆرکسترای سەمفۆنی عیراقیی . ئەم یادە وەرییە لە یادی رۆژی جیهانیی بۆ کەلتووری هەمە جۆر بۆ دایەلۆگ و گەشە پێدان لە رۆژی ٢١ی ئایاری ٢٠٠٨ ئەنجامدرا کە گرنگیی هەمەکەلتوری مۆسیقایی نیشاندەدا و لە هەمووشیان گرنگتر نیشاندانی بەرگریی بە هێزی عیراقییەکان بوو لە پێناو بەردە وامبوون بۆ بە دەستهێنانی شارەزایی. هەر یەکە لە بەڕێزان موفەد ئەلجەزیری سەرۆکی کۆمیتەی کەلتوور و گەشتوگوزار و ئەنتیکەکان و هوشیار زێباری وەزیری دەرەوەی عیراق و ستافان دی میستورا نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق ووتاریان خوێندەوە. بەڕێز ئۆلیڤەر گیلمۆر کە یەکەم کارمەندی بیانی بەناوبانگە لە ئاداری ٢٠٠٣ ەوە تیپی نیشتمانیی ئۆرکسترای سەمفۆنی عیراقیی بەڕێوە دەبا . بە وەسفکردنی بە ئەزموونێکی پڕ بەناخی دڵ، گیلمۆر ووتی " ئەوە شکۆیەکی گەورەیە بۆ من کە یەکەم کەس بووم بێم لە ئاداری ٢٠٠٣ ەوە". بەگێڕانەوەی ئەزموونەکانی خۆی ئەو لەسەری رۆیشتوو ووتی " ئەوەی کە زۆر سەرنجڕاکێشە بۆ من ئەو برادەرایەتی و خۆشەویستییە زۆرەی ئەندامانی ئەو ئۆرکسترایەیە بە رەچاوکردنی ئەو بار و دۆخەی ئەوانی تێدا دەژیەن." ئۆرکسترایەکە بە سروودی نیشتمانی عیراقی دەستی پێکرد و هەر دوو جۆری مۆسیقای رۆژهەڵاتی و رۆژئاواییشی لە خۆگرتبوو. نیوەی یەکەمی کۆنسێرتەکە کە لەلایەن گیلمۆر خۆیەوە پێشکەشکرا بریتی بوو لە پارەچەی مۆسیقایەکی گیاچینۆ روسینی (سەرتاشی سێڤیللێ) و پارچەیەکی ئەنتۆن دڤۆراك (سیللۆ کۆنسێرتۆ) و پارچەیەکی جۆهان سترۆس ( ئاداری رادێکتزکی) پارچەیەکی مۆدێست موسۆرکسکی(شەوێك لە چیای کەچەڵ). رابەری ئۆرکسترای عیراقی کێلۆژەنی جیهانی بەڕێز کەریم وەسفی بوو بە رابەری بەشی دووەمی ئۆرکسترایەکە کە بریتی بوو لە "ئەیام زەمان"ی جەمیل بەشیر و تاکژەن ئەحمەد جەمیل و موحەممەد زازا بە هەڵپەرکێی کوردی و عەبدوڵا جەمال (فۆلکلۆری کوردی) و هانز گونتێر مومێر ( تیونی کۆنی عیراقی) ئەو رابەرە ئۆرکسترا عیراقییە ئارەزووی خۆی دەربڕی سەبارەت بەو پلە جیهانییەی کە مۆسیقای ئۆرکسترایەکەی گیلمۆر هەیبوو. بە وەسفکردنی ئەزموونەکەی لە بەر روشنایی بار و دۆخی عیراق، ئەو ووتی " مۆسیقا زمانێکی جیهانییە و ئێمەش لەو بڕوایە داین کە توانایەکی بە هێزی هەیە لە یەکخستنی هێزەکان و نەهێشتنی گیروگرفتەکان." بەڕێز وەسفی ووتی کە ئامادەبوونی گیلمۆر هەلێکی دەگمەنە بەو پێیەی ئەوە سەلماوە کە هێنانی هونەرمەندان بۆ عیراق کارێکی ئەستەمە. ئەو لەسەری رۆیشت

### پێرست

تیپی نیشتمانیی ئۆرکسترای سەمفۆنی عیراقیی یادی رۆژی جیهانیی بۆ کەلتووری هەمە جۆر بۆ دایەلۆگ و گەشە پێدان بەرز رادەگرێ ________________________ 1

"کۆمیتەی ژن و خێزان و منداڵیی"ی سەر بە پەڕلەمانی عیراقیی یاسا دەردەکات______2

چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرپرسی یونێسکۆ لە عیراق بەڕێز موحەممەد دجێلید _______ 4

یاریدەدەری سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان خاتو لوتێ سەردانی عیراق دکات ___________________________ 5

و ووتی " بوونی گیلمۆر لێرە جێاوازییەکی زۆری دروستکردوە " لەکاتی داگیرکردنی عیراق، ئامێرەکانی ئۆرکسترا بەتاڵان بران و تێکدران بەڵام خۆشبەختانە هەر زوو لە ڕێی کۆمەکی ڕێکخراوێکی بیانی هەموویان پەیدا کرانەوە. بەڵام هێشتاش سەفەرکردنی ئەندامانی ئۆرکسترا بۆ ئەوەی سوود لە ئەزموونی جیهانیی وەرگرن بەهۆی بار و دۆخی عیراق کارێکی قورسە بەڵام لەگەڵ ئەوەش ئەوان هەر سوورن لەسەر بەردەوامبوون لە هەوڵەکانیان بۆ گەران بە دوای مۆسیقا. ئاوازدانەری بەناوبانگی عیراقی بەڕێز مونزیر حافز کە خۆشی ئەندامێکە لە تیمی ئۆرکسترا ووتی کە ئەوان پێش شەڕ هەفتەی ٤ جار راهێنانیان ئەنجامدەدا. " لەم بار و دۆخەی ئێستا ئێمە هەوڵ دەدەین کە هەفتەی ٣ جار راهێنان ئەنجام بدەین." بەڵام هەتتا لەگەڵ ئەو بار و دۆخەی ئێستاش ئەو هەر گەشبینە و ئاواتی بەدەستهێنانی شارەزایی تازەی هەیە.

بۆ نموونە (رانیا) کە کچە میوانێکی هۆڕنژەنی تەمەن ١٦ ساڵەیە هێوای ئەوەی هەیە کە ببێتە ئەندامێکی هەمیشەیی لەو ئۆرکسترایە . سەبارەت بە ئاواتەکانی دوا رۆژیشی ئەو بە ئارەزووەوە ووتی " سەرەڕای ئەوەی کە من لە مۆسیقا دەخوێنم دەشمەوێ لە بەشی پزیشکیش بخوێنم هەروەك چون دەشمەوێ لە عیراق بمێنمەوە و لە بەغداد خوێندنەکەم تەواو بکەم." یەك لە ئامادەبووان ووتی لە ٢٠٠٣ەوە ئەمە یەکەم کۆنسێرتە کە ئامادەی ببێ. ئەو سۆزی هەموو ئامادەبووانی لەوە کورتکردەوە کە ووتی " من وا هەستدەکەم لەم جیهانە دەرچووم بە هاتنم بۆ ئەم کۆنسێرتە ." پەیامی تیپی ئۆرکسترای عیراقیس سەرنجڕاکێش بوو لەو رووەی کە : عیراق خاوەنی کەلتوورێکی هەمەجۆری دەوڵەمەندە کە رەگێکی مێژوویی قوولی هەیە کە وای لێکردوە ببێتە سەرەتای هەموو شارستانییەکان. نواندنەکەیان ئەو داهێنانەی نیشاندا کە نەك هەر سنووری عیراق بەڵکوو ئی هەموو جیهانیش دەبەزێنێ. کۆنسێرتەکەش لە لایەن میدیای جیهانی و خوماڵییەوە بە شێوەیەکی بەرفراوان رووپوش کرا.

## "کۆمیتەی ژن و خێزان و منداڵیی"ی سەر بە پەڕلەمانی عیراقیی یاسا دەردەکات



*هیوا سەرەڕای بێ ئومێدیی*

**نووسینی: رەندە جەمال**

"کۆمیتەی ژن و خێزان و منداڵیی"کە لە لایەن ئەندام پەڕلەمان خاتوو سەمیرە موسەوییەوە سەرۆکایەتی دەکرێت قورسایی خۆی دەخاتە سەر کەمکردنەوەی ئازارەکانی ژنان و منداڵانی عیراق و نەبوونی هەلی کار کە داهاتوویان سنووردار دەکات.

چەندان خێزان یان لە وڵاتانی دراوسێ پەرتەوازە بوون و یانیش ئاوارەی ناوخۆن کە بە ٤ ملیۆن و نیو لە کۆی ٢٧ ملیۆن عیراقی مەزەندە دەکرێت. بەگوێرەی "پێداچوونەوەی کۆچی بە زۆرەملێ"ی تایبەت بە عیراق کە لە لایەن سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئاوارەی زانکۆی ئۆکسفۆردەوە دەرچوە لە ٩٠٪ی ئەوانەی بە کاری توندوتیژیی گیانیان لەدەست دەدەن پیاوون کە ئەمەش دەبێتە هوی پەیدابوونی بێوەژن و هەتیوێکی زۆری بێ سەرپەرشت کە لە ئەنجامدا بە گوێرەی ئامارەکان (دەنگەکانی عیراق-٢٠٠٧) ٥ ملیۆن هەتیو لەعیراق هەیە.

هەروەها، ژن و منداڵانی عیراق بە دەست نەبوونی خزمەتەکانی پەرەوەردە و خوێندن و نەبوونی ئاو و خزمەتە تەندروستییەکانەوە دە ناڵێنن. بە گوێرەی ئاماری رێکخراوی "منداڵپارێز" لە ساڵی ١٩٩٠ەوە مردنی منداڵان بە رێژەی ٥٠٪ و لە داگیرکردنی عیراقیشەوە لە ٢٠٠٣ بە رێژەی ٣٧٪ بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردوە. وەزارەتی پەرەوەردەی عیراقیش مەزەندەی ئەوە دەکات کە تەنها ٣٧٪ ی منداڵانی تەمەن سەرەتایی لە ساڵی ٢٠٠٧ ئامادەی خوێندن بوون کە ئەمەش بە رێژەی ٧٥٪ دابەزیوە بە بەراوورد لە گەڵ ساڵی ٢٠٠٦. لە لایەکی تریشەو بە گوێرەی لێکۆڵینەوەی رێکخراوی تەندروستی جیهانیی لە ٣٠٪ منداڵان بە دەست ئازارەکانی دوای ناخۆشییەوە دەناڵێنن.

بۆیە "کۆمیتەی ژن و خێزان و منداڵیی" دەیەوێ گەشە بە مافەکانی منداڵان و ژنان بدات و رێگای تایبەتیش بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی لە گەڵ کۆمەڵگای بەشەروێرانبوو تێکەڵیان بکاتەوە بە تایبەت لە رێگای یاساوە.

کارەکانی رۆژانە خاتوو موسەوی بریتی یە لە پێداچوونەوەی فایلەکان و ئامادەبوونی دانیشتنەکانی پەڕلەمان دەبێت یانیش کۆبوونەوە لە گەڵ ئەندامانی کۆمیتەکان. لە بارەی



*لە ناو پاشماوەی رووخاوەکان منداڵانی عیراق بە کولەمەرگی ژیان بەسەر دەبەن*

چۆنیەتی راپەڕاندنی کاری رۆژانەی ئەو خاتوونە ووتی " من پلان بۆ کۆبوونەوەکانم دادەڕێژم و دواییش بەو رەشنووسانەدا دەچمەوە کە کۆمیتەکەمان ناردوونی." هەرچەندە بەهۆی ئاڵوزییەکەیەوە پرۆسەی پەسندکردن پێویستی بە کات هەبێت بەڵام یاساش بۆ داهاتووی ژنان و منداڵانی عیراق زور گرنگە. ئێستا ٤ پێشنیاری یاسایی هەن بۆ پێداچوونەوە:

١-رەشنووسێك سەبارەت بە یارمەتیدانی ئەو ژنانەی یارمەتیدەریان نییە: خوێندنەوەی یەکەم دووەمی کۆتایی هاتووە و چاوەڕێی تەرخانکردنی خەرجییەکەیەتی لە لایەن وەزارەتی داراییەوە کە دوای ئەمە رەشنووسەکە بۆ دەنگدان ئامادە دەبێت.

٢-رەشنووسی یاسایی سەبارەت بە دروستکردنی تۆڕێك بۆ پاراستنی کۆمەڵایەتی : خوێندنەوەی یەکەمی کۆتایی هاتووە و ئێستا ئامادەی بۆ خوێندنەوەی دووەم. ئامانجی تۆڕی پاراستنی کومەڵایەتی خزمەتکردنە بە لێقەوماوان کە بێکاران و پەککەوتەکان و بێوەژنەکان و هەتیوەکان و ژنە مێرد وونەکان دەگرێتەوە.

٣-رەشنووسی یاسایی سەبارەت بە دروستکردنی کۆمیسیۆنی چاودێریی منداڵان: هەردوو ئەنجومەنی شورا و وەزارەتی دارایی بۆ ئەم مەبەستە راوێژیان پێکراوە و رەشنووسەکە بۆ خوێندنەوەی دووەمی پێش دەنگدان ئامادەیە.

٤-رەشنووسی یاسایی سەبارەت بە دروستکردنی چاودێریی هەتیوان: ئەم رەشنووسە پەسند کراوە و بۆ خوێندنەوەی یەکەم دەنێردرێت کە دوای ئەویش خوێندنەوەی دووەم دەست پێدەکات ودواییش بۆ دەنگدان ئامادە دەبێت.

راسپاردەکانی ئەو رێکخراوە نا حکومییانەش کە لەگەڵ "کۆمیتەی ژن و خێزان و منداڵیی" کار دەکەن دەخرێنە ناو رەشنووسە یاساییەکانەوە بۆ ناردن و پەسند کردن. بۆ نموونە ، لەو کۆنفرانسەی کە لە پارێزگای حیللە لە سەر ژنانی عیراق بەسترا، رێکخراوە نا حکومییەکان پێشنیاری دروستکردنی سەنتەری چاودێریی منداڵانیان کرد لە بەشە حکومییەکان و خەستەخانەکان لە پێناو ئەوەی دایکە کارکەرەکان بتوانن چاودێریی منداڵەکانیان بکەن." کۆمیتەی ژن و خێزان و منداڵیی"یش ئەم پێشنیارەی نارد و رەزامەندیشی لەسەر وەرگیرا و ئێستا لە دۆخی جێبەجێکرندایە. پێشنیارێکی تر پەیوەست بوو بە نەهێشتنی باج لەسەر مووچەی ژنان بە تایبەت ئەوانەی کە یارمەتی خێزانەکانیان دەدەن.

لەم قوناغە بنیاتنانەوەی عیراقیش، کۆمەڵگاکانی مەدەنی ئەو بەردە بناغە گرنگەن بۆ دروستکردنی ژێرخان و ئاراستە ناتوانرێ وازیان لێ بهێنرێت. خاتوو موسەوی باسی گرنگیی وێرکشۆپی هاوبەشانەشی کرد لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە شیان و تواناسازیی کە بەرای ئەو ئەم جۆرە وێرکشۆپانە پێویستە پیاو و ژن بەشداریی تێدا بکەن بۆ ئەوەی بەشداربوونی ژن وەك بابەتێکی کۆمەڵایەتی سەیر بکرێت نەك تەنها وەك ئەوەی کە تایبەت بێت بە ژنان. وێرکشۆپەکان تەرکیزیان لەسەر چەند چەمکێك کردەوە وەك: چارەسەری ناکۆکی و تواناسازیی و بابەتە یاساییەکان و شێوازی تازە بۆ فێرکردنی ژنان بۆ ئەوەی بتوانن دەوری یەکسان لە گەڵ پیاوان لە ناو خێزان وەرگرن.

هەروەها خاتووموسەوی پێی داگرت لە سەر گرنگیی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەوری لە بەرەو پێشبردنی "فایلی" کۆمەڵایەتی ژنان و خێزان و منداڵیی. لە کۆتایشدا ووتی کە " پاڵپشتیی و یارمەتی یونامی هەر زۆر پێویستن."



*یاریگەی منداڵانی عیراق*

# چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرپرسی یونێسکۆ لە عیراق بەڕێز موحەممەد دجێلید



بەڕێز موحەممەد دجێلید

**فۆکەسی یونامی** : دەتوانی کورتەیەکمان بدەیە لەسەر دەوری

یونێسکۆ لە نۆژەنکردنەوەی مەزارە پیرۆزەکان؟کەی دەستپێدەکات؟

**دجێلید**:کاردانەوەی نەتەوە یەکگرتووکان هەر لە رۆژی تەقاندنەوەکە ( ٢٢ی شوباتی ٢٠٠٦) راگەیاندرا و یونیسکۆش لە ٢٨ی شوباتی ٢٠٠٦ بە فەرمی پشتیوانی خۆی بۆ دەستپێشخەرییەکەی عیراق نیشاندا سەبارەت بە نۆژەنکردنەوەی مەزاری ئیمام عەلی هادی و شوێنە پیرۆزە رووخاوە کانی تر لە عیراق. ئەم دروستکردنەوەیەش پێویستە وەك بناغەیەك بۆ ئاشتبوونەوەی نیشتمانیی و چوارچێوەیەکیش بۆئارامیی و لێبووردەیی و هەستانەوە و دروستکردنی هەلی کاریش بۆ دانیشتوانی ناوچەی سامەڕا سەیر بکرێت. یونێسکۆ بەرپرسە لە ئەنجامدانی قۆناغی یەکەمی پڕۆژەکە کە بریتی یە لە ئامادە کردنی شوێن (پاکردنەوە ،پۆلینکردنی کەرەسەکان) کە لە کۆتایی مانگی ئاياری ٢٠٠٨ تەواو دەبێت و ئەنجامدانی کارەکانی خۆپاراستنی بەپەلە (بەهێزکردنی بۆ خۆ پاراستن لە داڕمانی داهاتوو) و ئەنجامدانی رووپێوی خەمڵاندن و پشکنینی تاقیگە و ئامادە کردنی نەخشەکانی نۆژەنکردنەوەی قوناغی دووەم (قوناغی راستەقینەی دروستکردنەوەی مەزارەکە).

گرێبەستەکە لە گەڵ حکومەتی عیراق لە ٢٤ی حوزەیرانی ٢٠٠٧ ئیمزا کرا و کاری راستەقینەش لە لە ٦ی شوباتی ٢٠٠٨ دەستی پێکرد.

**فۆکەسی یونامی** : بەشدارانتان لەم پڕۆژەیە کێن ودەوریان چییە؟

**دجێلید**:بەشداری سەرەکی یونێسکۆ حکومەتی عیراقە کە ٣ ملیۆن دولاری ئەمریکی بۆ قۆناغی یەکەم تەرخانکردووە لەگەڵ ٥.٤ ملیۆنی تریش کە لە لایەن کۆمیسیۆنی ئەوروپییەوە تەرخان کراوە. نووسینگەی سەرەك وەزیران راستەوخۆ بەشدارە لەم کارە و کۆمیتەیەکی باڵای بەدواداچوونیشی بۆ جێبەجێکردن و هەماهەنگیی لەگەڵ یونێسکۆ پێکهێناوە. هەروەها یونێسکۆ لە پەیوندیی دایە لە گەڵ وەقفی شیعە و سوونە و دەسەڵاتی ناوچەکەش لە سامەڕا. لە کاتێکا یونێسکۆ شارەزایی و بەڕێوەبردن پێشکەش دەکات قورسایی کارەکە لەسەر شانی عیراقییەکان خۆیانە.

فۆکەسی یونامی : کەی پێشبینیی دەکەی کە دروستکردنەوەی مەزارە پیرۆزەکە تەواو ببێت؟

**دجێلید**:وەك پێشتر باسکرا، ئێستا یونێسکۆ لە جێبەجێکردنی قوناغی یەکەم دایە بۆ خۆ سازدان بۆ دروستکردنەوەی راستەقینە. بە تەواو بوونی لێکۆڵینەوە و رووپێوەکان ئێمەش دەتوانین کاتی تەواوبوونەکە مەزەندە بکەین.

**فۆکەسی یونامی** : تائێستا چ جۆرە یارمەتییەکتان پێشکەشکردوە؟

**دجێلید**:یونێسکۆ بە راوێژکردن لەگەڵ بەشدرانی پلانی کاری ئامادە کردوە و داویەتی بە شارەزایان و کارکەران بۆ دەستپێکردن بە ئامادە کردنی شوێنەکە. هەروەها یونیسکۆ شارەزایەکی داناوە بۆ چاودێریی کردنی هەموو کارەکە و ئامادەکردن و ناردنی راپۆرتی پێشوەچوونی کارەکە. هەروەها یونیسکۆ لە مانگەکانی تشرینی یەکەم و دووەمی ٢٠٠٧ راهێنانێکی لەسەر کاری دروستکردنەوە بۆ ٥ ئەندازیار و تەلارسازی عیراقی ئەنجامدا کە ئێستا ئەوان لە شوێنی پرۆژەکە دەست بەکارن.

**فۆکەسی یونامی** : تێکڕای ئەو پڕۆژانە چەندن کە یونێسکۆ لە عیراق جێبەجێیان دەکات؟ چەند کارمەندی مەوقیعیتان هەیە؟

**دجێلید**:بە تەرکێزکردن لە پێشەوە لەسەر بەشداربوون بە کەرەسە، (لە ٢٠٠٦ یونێسکۆ ٩ ملیۆن کتێبی قوتابخانەی بە چاپگەیاند) ئەم رێکخراوە یارمەتییەکانی فراوانکردوە و ئێستا ١٤ پڕۆژە لە عیراق جێبەجێ دەکات لە بوارەکانی پەروەردە و (خوێندەواریی و گەشەپێدانی شارەزایی ژیان و زانیاریی وپەیوەندیی تکنۆلۆژیی و راهێنانی مامۆستایان و دۆستایەتیی لە نێوان قوتابیان و ئەکادیمییەکان) و رۆشنبیریی ( پاراستنی میراتی کەلتووری عیراقی و رووبەڕوو بوونەوەی دەرکردنی نایاسایی کەلوپەلە کەلتوورییەکان) و راگەیاندن (پەرەپێدانی میدیای سەربەخۆ و مافەکانی مرۆڤ و یارمەتیدان بۆ رووپۆشکردنی راگەیاندنی دادپەروەرانە و شارەزایانە ) و زانست (تواناسازیی بۆ دەزگاکانی ئاوی عیراقی). لە ساڵی ٢٠٠٦ یونێسکۆ ٩ ملیۆن پەرتووکی خوێندنی دابین کرد.

یونێسکۆ شان بەشانی حکومەتی عیراقی و رێکخراوە ناحکومییەکانی تر کار دەکات بە دابینکردنی کارمەندی بیانی و خۆماڵیی لە بەغدا و هەولێر و عەممان.

**فۆکەسی یونامی** : یونێسکۆ چۆن کەوتە ناو پروسەی نۆژەنکردنەوەی قەڵای هەولێرو هاوتایەکانتان کێن؟

**دجێلید**:یونێسکۆ لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارێزگاری هەولێرەوە پەیوەندی پێوە کرا بۆ نۆژەنکردنەوەی قەڵای هەولێر کە کۆنترین شوێنە لە جیهان کە بەردەوام ئاوەدانیی تێدا بووبێ. ئەرکی دارایی پڕۆژەکە لەسەر حکومەتی هەرێمە کە لە ئەیلولی ٢٠٠٧ ئیمزای کردوە بە دابینکردنی گوژمێکی سەرەتایی بە بڕی ٦٥٠٠٠٠دۆلاری ئەمریکی. بڕەکە لە ئاياری ٢٠٠٨ بۆ یەك ملیۆن و ٤٧٥ هەزار زیاد کرا لە میانەی ئیمزا کردنی رێکەوتنێك لە نێوان یونێسکۆ و کۆمیتەی باڵای نۆژەنکردنەوەی قەڵای سەر بە حکومەتی هەرێم.

**فۆکەسی یونامی** : وەك بەرێوەبەری گشتیی یونێسکۆی عیراق، هیوای چ دەخوازی جێبەجێی بکەیت تا کۆتایی ئەمساڵ؟

**دجێلید**:تەواوکردنی کارەکانی ئامادە کردنی قۆناغی یەکەم بۆ ئەوەی کاری نۆژەنکردنەوە لە مەزاری سامەڕا و قەڵای هەولێر دەست پێبکات. بەشێوەیەکی گشتیی، یونێسکۆ هەوڵ دەدات کە ئاشتبوونەوەی نیشتمانیی پەرە پێبدات و یارمەتی بەشدارە عیراقییەکانیشمان بدەین بە نۆژەنکردنەوەی تواناکانیان بۆ ئەوەی بتوانن کارەکانیان بەڕێوە بەرن و بگەنە ئامانجەکانیشیان. ئەمەش یارمەتی عیراقییەکان دەدات کە بتوانن تواناکان و تێڕوانینەکانیان لە سەر ووڵات گەشە پێبدەن بۆ ئەوەی بتوانێ شوێنی شیاوی خۆی لە نێو وڵاتانی تردا بکاتەوە.

## یاریدەدەری سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان خاتو لوتێ سەردانی عیراق دکات



*یاریدەدەری سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان قسە کارمەندانی یونامی دەکات*

یاریده ده ری سکرتێری گشتیی نه ته وه یەکگرتووەکان خاتو جانێ هۆڵ لوتێ لە بەشی یارمه تی فیلْد كه چاودێریی گشت بابه ته لۆجیستییه کانی پەیوه ست به هه ڵسووڕاندنی نێردەکانی ئاشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات دەکات بەم دواییە بۆ ماوەی دوو ڕۆژ سەردانی بەغدای کرد. ئامانجی سەردانەکەی بریتی بوو لە بینینی چالاکیەکانی یونامی و زانینی بابەتە هەڵواسراوەکان. لە ووتەکەیدا لە (تاون هۆڵ) لە بەرامبەر گشت کارمەندانی یونامی، خاتو لوتێ جەختی لەسەر دەوری نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاری عیراق (یونامی) کردەوە دانیشی بە قورسی کەشی کارکردنی کارمەنداندا هێنا.

ئەو خاتوونە بە تایبەت دەوری کارمەندانیی خۆماڵی به رز نرخاند و به " بربڕه پشتی" نێرده که ی ناوزه د کردن که ئه گه ر ئه وان نەبوونایە ئەوا نێردەکە هەرگیز نەیدەتوانی ئامانجه کانی خۆی بهێنێته دی و له سه ری رۆیشت و ووتیشی " ئێوه چاو و گوێی نێردەکەمانن و ئێمە پێویستمان بە ئێوە هەیە چونکه ئێمه ئامانجه کانی خۆمان له ئێوه دا دەبینینەوە. ئێوە دەتوانن شتێك بکەن کە ئێمە لە ئاستیدا دەستەووستانین."

هه روها ئه و سوپاسی نوێنه ری تایبه تی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق بەڕێز ستافان دی میستورای کرد بۆ سەرکردایەتیی کردنی و پەیڕەوکردنی کاری پێکه وه یی. له ته وه رێکی تریش باسی خۆشگوزه رانی کارمه ندان و مووچه کانیانی کرد له به ر رۆشنایی هه ستان و دابه زینی بازاڕ. ئه مجا دوایی که وته وه ڵامدانه وه ی پرسیارەکان کە لە لایەن کارمەندانی یونامییەوە لێی کرا که زۆربه یان په یوه ست بوون به مه سه له ی گرێبه سته کان و رووپێوه کان و چاککردنی گواستنه وه و هه ڵسه نگاندنی کارمەندان.ئەو خاتوونە جەختی لە سەر ئەوە کردەوە کە هەر چەندە سیستەمێك نییە کە بتوانێ گشت لایەك رازیی بکات بە ڵام بەشەکەی ئەو هەوڵ دەدات کە گونجانێکی تەواو دەستەبەر بکات.

خاتو لوتێ لە کۆتایی قسەکانی ووتی کە ئەو بۆیە هاتووە بۆ بەغدا بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ گوێی له کارمه ندان بگرێت سه باره ت به و گرفته کانیان. ئه م ستراتیژه رێ به به شی یاریدەدەری سکرتێری گشتیی دەدات کە ببێتە بەشێکی کاریگەری یونامی لە داکۆکی کردن لەمافی کارمەندان لە بارەگای سەرەکیی. لە کۆتاییدا خاتوو لوتێ ووتی " ئێمە هاتووین بە پابه ندبوونێکی دڵسۆزانه بۆ ئه وه ی چی له دەستمان بێت بیکەین و زۆر سوپاس."


### هەواڵنامەی (یونامی)

**هەواڵنامەیەکە نوسینگەی راگەیاندنی سەر بە نێردەی نەتە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق (یونامی ) دەریدەکات**
**بابەتەکانی ئەو هەواڵنامەیە مەرج نییە دەربڕی رای نەتوەیەکگرتووەکان بێت**

**بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بەم پۆستە ئەلکترۆنییە ی خوارەوە بکەن:**
**Unami-information@un.org**
**یان پەیوەندی بە خاتوو رەندە جەمال بکەن بەم ژمارەیەی خوارەوە:**
2644 - **+962 6 5504700**
*jamalr@un.org*
پێگەی ئەلکترۆنی: www.uniraq.org